وةرگثذ: ح. ئةيوب زادة

# ئاخر قومی ئەو دەفرە

کە دەپرسن:

- سرت و خۆرتی نەخویای* ئاو چییە؟

بانگ و هانای* دڵگری وەڵگ لەبەر چیین؟

- چییە ئەو یارییەی هۆو چەرمگە هەورە؟

لەسەر ئەو شینیە هێمنە بەرزە،

کە بەرەو ناخی خەیال دەتکێشێ؟

- لە بێ دەنگیی خەڵوەتی  کۆتر چ باسە؟

- هەولی بێ سوودی شەپۆل مانای چەس؟

- ئەی بزەی دەفری شەراو  ئێژێ چە؟

کە بەخولیایی و بە سات لێیدەروانی؟

نە  هەورێک،

نە ئاو یێک،

نە گەڵایەک،

نە ئەم شینیە هێمنە بەرزە،

نە ئەم ئاگرە سوتێنەرە داخزیوە بۆ نێو دەفر

نە ئەو خەڵوەتە بێدەنگە کە کۆتر هەیەتی

نا، هیچکام لەوان نایەنە بیرم!

من نزای دەمی کازیوەی دار،

سەمای با و بۆنی گوڵی سۆڵ،

هەناسەی پاقژی گوڵە مێلاقەی قەدی کێو،

وتو ویژی پەڕەسێلکە و  بەیان،

ترپەترپی نەپساوەی بوون،

لە نێو جاڕە گەنمدا،

هاتوچۆی شلک و تەڕیی و ڕەنگ لە کوڵمەی گوڵدا

نە گوێم لێن و دەبینم!

هیچکام لەوان ناچنە نێو بازنەی بیرم!

هەر تۆی دەوێدا!

ئەی هەموو جوانیی،

هەرتۆی بابەتی بیرم!

هەموو کاتێ،

لە هەموو جێ،

من لەهەر حالێ کە دابم هەر تۆم لەبیردای!

ئەوە تۆ بزانە،

تەنیا تۆ،

تۆ وەرە!

تۆ وەمێنە لەلای من هەر تۆ .

لەبری  مەهتاو لە  تاریکە شەواندا بدرەوشێ!

من فیدات بم تۆ پێبکەنە لەبری گوڵ!

ئەوە ئێستاش کە منم کەوتمەوە بەرپێت.

چێ بکە کەندرێ لەو پرچە درێژە،

بیگرە!

تۆ گرێی دە!

تۆ بفەرمو!

تۆ وەرامی پەڕەسێلکە بدەوە!

سەرگوریشتەی هەور لە بەرزان تۆ بێژە!

تۆ وەمێنە لەگەل من هەر تۆ!

لە دڵی دەفری هەبووندا هەر تۆ وەرە جۆش!

لە قومی گیان هەر ئەو تاقە هەناسەم ماوە.

ئاخر قومی ئەو خاڵییە دەفرەم تۆ وەیخۆ!

*نەخویا : تشتێک کە روون و ئاشکرا نەبێ  فارسی : مبهم

* بانگ و هانا : هاوار  ف: همهمە

*پاقژ: پاک، بێخەوش ، بێگەرد